www.kurdistannet.org
27-4-2006 12:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دوژمنی تەیاری سەدر، نەتەوەی کوردە ... ب. سەهەند

2006-4-27

تەیاری سەدری، کە موقتەدای سەدر بەڕێوبەرایەتی دەکات و میلیشیایەکی بەناوی سوپای مەهدی هەیە ولەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق، هەرەشەو گورەشە وبروبیانوو رکوگوری لە حکومەتەکەی عەللاوی و سەرکردایەتی کورد و هەندێ لەلایەنە شیعیەکان و ئەمەریکا دەستپێکرد. تەگەرەی دەخستە رێگەی بەرێوەچوونی پرۆسەی سیاسی عیراقەوە تا خۆی ئاخنییە ناو لیستی ئیئتلافی شیعی و بووە یەکەم پیشتوانی جەعفەری نەیاروکابەری کورد بۆ بەدیهێنانی مەرامە شەیتانیەکانی. ئێستاش بە هۆی پیشتوانی ودۆستایەتی مەزهەبی (کۆماری ئیسلامی ئێران) بۆتە مووی لووتی عیراقی نوێی فیدراڵ و داواکارییەکانی کورد لەکەرکوکدا. وا ئەمجارەیان زۆر بەئاشکرا لە گەمەیەکی سیاسی کراوەدا دەیەوێ رێگر بێت لەبەردەم سیستەمی ئەو دیموکراتی وئازادییەی کە گەلانی عیراق تامەزرۆین وحکومەتی 4 ساڵەی ئاییندەی عیراق گەرەکێتێ دەستەبەری بکات. دەیەوێ بە ئاگری بەرژەوەندی و سیاسەتی ئاشتیانەی گەلی کوردو پێکەوەژیانی لەگەڵ نەتەوەکانی تر، رێکخراوو ومیلیشیایەکەی خۆی بسوتێنێ. دەیەوێ پێچەوانەی دەستووری نوێی عیراق وماددەی 58، کار بکات، دەیەوێ ئاساییکردنەوەی شاری کەرکوکی کوردستان و، ئەوفەزا دیموکراتی و یاساییەی کە هەیەو، کێشەی تەعریب وئاوارەکانی کەرکوک و، پلانی ئاوەدانکردنەوەی شارەکە، هەمووی لەبارببات و ئەم جارەیان ببێتە تەگەرەو گرفت لەبەردەم مافی رەواو وئاواتەکانی گەلی کوردستان و خەڵکی ستەمدیدەی کەرکوک.

عبدولکەریم خەلیفە نوێنەری سەدر بەراشکاوی بە بەرپرسە ئەمریکیەکان دەڵێ: چەکدارەکانمان وا دێنە ناو شاری کەرکوکەوە، لەکاتی روودانی هەر پێکدادانێک لەنێوان ئێمەو لایەنەکانی تر ئەوا دەتوانین زیاتر لە 10000 چەکداری ترلەناو شارەکە لەدژیان ئامادەباش بکەین. هەروەها سیاسەتی ئێمە پێچەوانەی سیاسەتی نوێی عیراقە سەبارەت بەم شارە. وە هۆی هاتنمان بۆ ئەم شارەش بۆ بەرەنگاربونەوەی ئێوە نیە بەڵکو بۆ دژایەتی کردنی کوردە. چونکە دوژمنی ئێمە لەم شارەدا، نەتەوەی کوردە. ئەمە گووتەی خەلیفەیە کە لە میدیاکانی کوریدا ئاماژەی پێکراوە.

ووتەکانی خەلیفە، بۆنی خوێنی لێدێ و قینی خۆشی لەنەتەوەی کورد بەئاشکرا دەردەبڕێ. ئەم هەنگاوەش لەکاتێکدایە تورکیا بە هێزێکی سەربازی گەورەوە بەبیانوی لێدانی پ.ک.ک دەیەوێ بێتە قوڵایی خاکی عیراقەوە، خامەنەئی هەرەشە لە ئەمریکا دەکات سەبارەت بە ئەگەری لێدانی چەکەئەتۆمییەکانی. رێکخراوی بەدر نووسینگەکانی لە شوێنی جۆراوجۆر ی کەرکوک دەکاتەوە. لیستی گردبوونەوەی کۆماری کە عەرەبن ولیستی تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئەندامەتی خۆیان هەڵپەساردووە کە ئەمەش یەکەم جاریان نیە. ئەمانە هەمووی لەبەرژەوەندی کوردو خەڵکی کەرکوکدا نین و بۆ یە دەبێ کورد زۆربە ووردی بە ئاگاو هۆشیارانە لەگەل ئەم هەنگاوە خەتەرناکەی تەیاری سەدر مامەڵە بکات. ئەمریکاش جارێ هیچ هەڵوێستێکی رەسمی نەنواندوە تەنها نیگەرانی نەبێ!. بەباوەری من ئەگەر ئەم هاتنەژوورەوەیەی چەکدارەکانی سەدر بۆ کەرکوک بەم شێوەیە بچێتە سەر و، هیچ رەتکردنەوەو و بەرپەچدانەوەیەکی بەدواوە نەیەت و لە سنووری خۆیاندا را نەگیرێن و چەکدارەکان نەگێردرێنەوە ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتوون، ئەوا کەرکوک دەبێت بە رووباری خوێن و (نەشتەرگەری مێشک) یش کە بەرێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عیراق بە چارەسەری کێشەی کەرکوک دەیشوبهێنێ، سەرکەووتوو نابێ. چونکە پێگەی سەدر لە و نەشتەرگەرییەدا هەڵەیەکەو هاتووە کارەساتێکی گەورەی لەکەرکوکدا لێبخاتەوە، وە ئەمریکاو سەرکردایەتی کورد وحکومەتی نوێی عیراق هەرسێکیان، لەم ئاژاوەیەی کە سەدر دیەوێ بینێتەوە لە کەرکوکدا، بەرپرسیار دەبن.